








**چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەری زنجیرە پەڕتووکی ئەزموون و ژیان دا:**

**فەخرەدین گەرمیانی**

**ئوستراليا**

**٢٠٢٣\٠٤\٠٢**

گەلێ جار وا ڕێکدەکەوێت کەسێک دەناسیت و پاش ماوەیەک لێکدابڕان چونکە کاریگەریی لەسەرت درووست ناکات، ئیتر لە بیرت دەچێتەوە و لە هزر و بیرتدا سیما و هەڵوێستەکانی کز دەبێت، تاکوو بەتەواویی دەکوژێتەوە و ئاسەواری نامێنێ. بەڵام جاری واش هەیە کەسێک دەبینی و لە ماوەیەکی کوورتدا شوێنێکی تایبەت لە دڵ و مێشکتدا داگیر دەکات و دەچەسپێت و هەر لە یەکەم ساتەوە خۆشت دەوێت و، بە تۆ بێت زۆربەی کاتەکانت لەگەڵیدا دانیشی و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت.

لە ساڵی ١٩٩٨ کە یەکەمجار کۆچمکرد بەرەو ئەو دیوی دەریاکان و گۆی زەوی بۆ وڵاتی ئوستراليا و بۆ یەکەمجار بە کاک (محەمەد پشدەری) ئاشنا بووم. ئیتر کەم و زۆر یەکترمان دەبینی و بە پێی دەرفەت ئاڵوگۆڕی بیروڕامان پێکەوە دەکرد. کاک (محەمەد) پیاوێکی کوردپەروەر بە ئەمەک و لە دانیشتن لەگەڵیدا تێر نابی و لێوانلێوە لە بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش و بۆ هەر پەیڤێک بەسەرهاتێکی لە پشتەوە حەشارداوە، و کەسێکی دەوێت نهێنییەکانی پێ بدرکێنێ و نەهێڵێت هەست بە دیوی شاراوەی پرسیارەکانی بکات، ئەگەرنا زۆر بە زانایی و دیپلۆماتکارانە وەڵامێکت دەداتەوە دەرفەتی ئەوەت ناداتێ ئەو وەڵامەی تۆ دەتەوێ بگاتە دەستت.

من هیچ کاتێک هەستم نەکردووە کاک (محەمەد) شتێک بنووسێت. ڕەنگە ئەوەش بەهۆی ئەوە بوبێت من هەمیشە تا ساڵی ٢٠١٥ لەدەرەوەی ئوستراليا بووم بۆ کارکردن، بۆیە کەمتر یەکترمان دەبینی. بەڵام پاش هاتنەوەم لە ئەفریکاوە بۆ ئوستراليا و دانیشتن لەگەڵ ئەم هاوڕێ دێرینەم دا، تەماشام کرد نووسەرێکی بەردەوامی زنجیرە پەڕتووکێکە بە ناونیشانی (ئەزموون و ژیان) و تا ئێستا گەیشتووەتە پێنج بەش و بە شێوەیەکی زۆر جوان چاپکراونەتەوە. بێجگە لەوەی کە کراونەتە پەڕتووکی دەنگیی و لە زۆربەی سۆشیاڵ میدیا و یوتیوب و بگرە لە کوردیپێدیاش بڵاو کراونەتەوە.

بۆ زیاتر ناساندنی ئەم نووسەرە بەڕێزە، پێم خۆشبوو جگە لە ناساندنی بەرهەم ونووسینەکانی هەندێک لایەنی دیکەی گشتیی و تایبەتیی ئەم نووسەرە، بە خوێنەری کورد بناسێنم و زیاتر لایەنە شاراوەکانی ژیانی ئاشکرا بکەم. کە زۆربەی خەڵک نایزانن و ئەوەش لە ڕێگای ئەم گفتوگۆیە ئەمڕۆ ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٠٣/١٠ لە شاری ئەدەلاید لە ساوس ئوستراليا لەماڵەکەی خۆیدا بە یەکەم پرسیار دەسپیبکەم و بڵێم:

**پرسیار:**

بۆ کۆچت کرد و چۆن گەیشتیتە ئوستراليا؟

هەموو ئەو خەڵکە داماوانەی کە وڵاتەکانی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوو لە هەندەران دەکەن، هەر یەکەو بە شـــێوەیەک خاڵێکی هاوبەشی هەیە. کە بێگومان خاڵە هاوبەشەکەش، نایەکسانی وخراپ بەڕێوەبردنی وڵاتە لەلایەن کاربەدەستانی وڵات. ئەوە بووەتە هۆی ئەوە کە خەڵک نەتوانێت بە ئاسوودەیی لە وڵاتەکەی خۆیدا ئۆقرە بگرێت و بحەسێتەوە...

**پرسیار:**
هیچ ڕووداوی سەیرت بەسەر هاتووە لە کاتی کۆچەکەتدا؟

کۆچ کردن، بازدان و پەڕینەوەیە بەسەر سەدان ڕووداویی خۆش و ناخۆش و سەیر و سەمەرەدا. کە پێم وایە ئەگەر ئەوانە بە جیا بنووسرێنەوە، پەڕتووکێکی تایبەت بە خۆیان پێویستە. بەڵام یەکێک لەو بەسەرهاتانە کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، دەعوەتەکەی مامۆستا مەلا (خدر) ئیمام جومعەی میراوە و مامۆستا مەلا (قادر) ی قازی، یادی هەردووکیان بەخێر.
کە سفرە دانرا و دەستمان کرد بە نانخواردن، سەیرم کرد پارچە گۆشتێک لەسەر سفرە دانراوە. منیش خستمە ناو دەمم و دوای ماوەیەک جوون و تام کردنی، ڕووم لە خێزانم کرد و وتم: وابزانم گۆشـــتەکە کەمێک بێ خوێیە! پێش ئەوەی خێزانم وڵام بداتەوە، مامۆســـتا مەلا (خدر) یادیی بەخێر، فەرمووی: نانا، کاک (محەمەد) ، بێ خوێ نییە، بەڵام کەمێک چرە. منیش زۆرخەریکی بووم و لە ناو دەممدا هێنام و بردم، بەڵام بەخو ا هیچم بۆ لەگەڵ نەکرا...! بۆیە بە ناچاری لەسەر سفرەکەم دانا... منیش زانیم کە مامۆستا لەبەر ئەوە ددانی نەمابوون، گۆشتەکەی زۆر بۆ نەجوەرابوو، بەڵام تامی خوێیەکەی تەواو بڕیبوو.
کۆچکردن، لێوانلێوە لە ڕووداویی ســـەیر و ســـەمەرە! من ئەوەندە هات و چۆی تاران و دائیرەکانم کردبوو، وای لێ هاتبوو کە لە دوورەوە کە دەیانبینیم، دەیانناســـیمەوە. چونکە پێش کار و پێش ئەوان، لە شـــوێنی کارەکەیان ئامادە دەبووم...
ڕۆژێک کوردانە بیرم لەوە کردەوە کە شتێک بکەم نەمناسنەوە. لە بازاڕ کڵاوێکی زۆر سەیری ڕووسیم کڕی کە زیاتر ئەوانەی لە سیبیریا دەژین و وەک دەڵێن: ساردترین شوێنی ڕووسیایە. من ئەو ڕۆژە کە مێک دواتر چووم و دڵم بەوە خۆشـبوو کە هیچ کەسـێک نامناسـێت و بەڵکوو لەو ناوەشـدا کەسـێک پەیدا بکەم کە بەبێدەنگی شـتێکم بۆ بکات؟... ئەفسـەرێکی هەیکەلی کە زۆر جار هەوڵی دوورخسـتنەوەی دەدام، لەو سـەرەوە لەژێر عەینەکە ڕەشـەکانیدا سـەیریکی کردم و هات بۆ لام. قسەی خۆمان بێت، ڕوح لەناو جەستەمدا شوێنی حەوانەوەی خۆی لەدەستدابوو.

چونکە پێشتریش وەک کەسێکی توند و مۆن و ڕەزاگران دەهاتە پێش چاوم. هات بۆ لام و کڵاوە ڕووسیەکەی لەسەر سەرم لابرد و وتی: دەزانم خەریکی فێڵێکی...! وابزانم قاتی ١٠و ١١ بوو، وتی: ئێستا لە پەنجەرەوە هەڵتدەمە خوارەوە، کێ لێت دەپرسێتەوە؟! منیش وتم: لە جیاتی ئەوەی ئەو کارە بکەی، بۆ هاوکاریم ناکەی تا وازتان لێبێنم؟
دوای کەمێک ڕامان، خوا ڕەحمی کرد، قۆڵی بەردام و بە بزەیەکەوە وتی: بەخوا منیش لەو چاو ســـوورکردنەوە زیاتر، هیچی دیکەم لە دەست نایە. بەڵام هەر ئەوەت پێدەڵێم: بەردەوامبە و خوا گەورەیە.

**پرسیار:**
وەک نووسەرێک کە زنجیرەیەک پەڕتووکت نووسیوە، چ کاتێک بە گونجاو دەزانیت تێیدا بنووسیت؟

ئەوکاتە کە خێزان و منداڵ حەزیان لێنییە! واتا بەیانیان. من بەیانیان زوو، بەباشترین کات دەزانم بۆ جوان بیرکردنەوە. چونکە بەو برە خەوە کە پێشتر دەخەوی، مێشک ئاسوودە دەبێت و ئامادەیە بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێت بڕیاری لەسەر بدەی...

**پرسیار:**

ئێمە لەم وڵاتەدا هەرچەندە هەموو ژیانمان پارێزراوە و گرفتی ماددیمان نییە، ئایا چ شتێکی دیکەمان کەمە و هەستمان بۆ نیشتمانی دایک چۆنە؟

من پێم وایە ئاسوودەیی ڕوح، زۆر پێویستترە لە ئاسوودەیی جەستە. هیچ شتێک لە ژیاندا ناتوانێت جێگەی دایک بگرێتەوە، بەڵام نیشتمان، ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە. هەر بۆیە نیشتمان و دایک وەک یەک ناویان دێت و هەرگیز لە یەکتر دانابڕێن. ئەوەیە کە ئێمە هەرچەندە لە هیچ شتێکمان کەم نییە، بەڵام گەورەترین بۆشایی کە لەناو دڵ و مێشکماندا هەیە، دوورییە لە دایکی دووەم، کەنیشتمانە...

**پرسیار:**

ئەگەر خوێندنەوە و نووسین نەبێت دەبێ کاتەکانت چۆن بەسەر بەریت؟

گومانی تێدا نییە کە خوێندنەوە و نووسین، چۆن خۆر وزە دەبەخشێت بە زەویی، ئەویش ئاوا وزە دەبەخشێت بە مێشک. نووسین بەبێ خوێندنەوە و خوێندنەوە بەبێ نووسین، وەک خواردنی بێ خوێ و داری بێبەر وایە. بەڵام وێڕای نووسین و خوێندنەوەش، پێویستە بۆ ژیان هەوڵ بدرێت و نزیک کەوتنەوە و دیدار و چاو پێکەوتنەکانیش، لەگەڵ خۆشەویستاندا، نابێ لەبیر بکرێت.

**پرسیار:**

دوور لە سەرقاڵی نووسین دەکرێ پێناسەیەکی خۆشەویستیم بۆ بکەی؟

بە بڕوای من، جگە لەو ڕوحە کە خوای گەورە وەک بەنرخترین دیاری بە سەرجەم بوونەوەرەکانی بەخشیوە، خۆشەویستیش ڕوحێکی دیکەیە لە ناخی مرۆڤەکاندا. مرۆڤ کە خۆشەویستی لە دڵدا نەبێت، وەک لاشەیەکی بێگیان وایە. لاشەی بێگیانیش، بێ هەستە و هەست بە هیچ شتێک ناکات...

**پرسیار:**

بە چی تووڕە دەبێت؟

تووڕەبوون دەورانێکی تایبەت بە خۆی هەیە؛ (هەرزەکاری) دوای ئەو دەورانە، تووڕەبوون مرۆڤ ناشیرین دەکات. بەڵام ئەوەی کە زۆر ئازارم دەدات، بێوەفایی مرۆڤەکانە بەرانبەر بە یەکتر و ڕابردوو لەبیرکردنە...!

**پرسیار:**

ئەمانە لای (محەمەد پشدەری) چی دەگەیەنن؟

**منداڵ:**

منداڵ گەورەترین ئاوات و دڵخۆشی ژیانە. بەڵام ئەگەر ئەو پێناسەیە نەپارێزێت، تەنیا دەرد و ژانە.

**هاوڕێ:**

هاوڕێی ڕاستەقینە ئەگەر خوا بیدات، جێگرەوەی زۆرێک لە کەسە نزیکەکانە. وەک دەڵێن: براش کاتێک برایە، کە هاوڕێ بێت.

**پەڕتووک:**

پەڕتووک، ئاوێنەیەکی پاک و بێگەردە و زۆر بەجوانی خۆمانی تێدا دەبینین و هەڵە و کەم و کوڕیەکانی خۆمانمان، بە بێدەنگی، پێدەڵێ.

**ژن:**

ژن پشـــت و پەنایە. هەروەها ژن دەرد و بەڵایە. ژن دەتوانێت پیاو لە پیاو بکات و ناپیاویش بکاتە پیاو. ژن باشـــترین وەســـتایە و پیاویش وەک قوڕ وایە. چی پێخۆشـــبێت ئەوەی لێدرووســـت دەکات. هەروەها وتراوە: کە لە پشـــت هەر پیاوێکی گەورە، ژنێکی گەورە هەیە. بە شێوەیەکی گشتی، ژن، ژیانە و ژیانیش بریتییە لە ژن....

**سینەما:**

کە گچکە بووم، کۆمەڵێک ئامۆژگاری باوکی ڕەحمەتیم لەناو مێشـــکدا جێگیر بووە. کە زۆربەیان هاوشـــێوەی یەکتر بوون. بۆیە لە زۆربەیان خۆم بە دوور گرتووە و (سینەما) ش یەکێک بووە لەو شتانە.

**تەزبیح:**

تەزبیحیش لەکاتی خۆیدا خۆشە. بەڵام بە مەرجێک، نەکرێت بە پیشە و لەدەستدانی کار و پیشە.

**پێنووس:**

منی فێری خۆشەویستی کرد. خۆشەویستی بۆ ژیان، خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی، خۆشەویستی بۆ سرووشت. ئەگەر پێنووس نەبوایە، (ئەزموون و ژیان) یش نەدەنووسرایەوە.
کە بێگومان (ئەزموون و ژیان) بۆ من، بەنرخترین مەدالیایە. چونکە ئەگەرچی بابەتەکان زۆر کوورتن، بەڵام، لە پشـــت، چیرۆکێک هەیە و لەگەڵ هەر چیرۆکێکیش، ڕۆمانێک...

**چاویلکە:**

چاویلکە بووە بە هاوڕێ ژیانم، بەبێ ئەو، هیچم بۆ ناکرێت.

**گۆچان:**

هەم مامۆستا و هەم برادەرێکی زۆر خۆشەویستم؛ یادی بەخێر. مامۆستا (مەلا قادر عباس) جارێک گۆچانێکی جوانم وەک دیاری بۆی نارد. دوای ماوەیەک نامەیەکی بۆ ناردم و فەرمووی: بەو گۆچانە وات لێ کردم کە هەست بە پیری بکەم. خۆزگە سەیارەیەکت بۆ کڕیبام...
مامۆستا، ڕوحی شاد بێت، یەکێک بوو لە هەرە کەسە ڕوح سووک و دڵپاک و قسەخۆشەکان. منیش سوپاس بۆ خوا، جارێ بیرۆکەی گۆچان هەڵگرتنم بە مێشکدا نەهاتووە، بەڵام لەلام پیرۆزە. چونکە هاوڕێی داهاتووە.

**باڵندە:**

هەموو باڵندەیەکم خۆشدەوێت. بەڵام پێمخۆش نییە هیچ کامێکیانم هەبێ. لەبەرئەوە ئازاری مردنیانم لە دڵ دەرناچێت

**سەرکردە:**

سەرکردە کاتێک سەرکردەیە، کە لەناو دڵی خەڵکدا بێت و هەر خۆی پێی وانەبێت کە سەرکردەیە...!

**حیزب:**

حیزب ئەوەندەی کە دەبێتە هۆی دابڕینی کۆمەڵگە لە یەکتر، ئەوەندە نابێتە هۆی متمانە بۆ خەڵک...

**مەلا:**

مەلا بەڕێزەکان، هەمیشە پێشەنگ بوون بۆ بە یەکەوە گرێدانی کۆماڵگا و پاراستنی بیرۆکەی هەستی نەتەوەیی.

**شایی و ڕەشبەڵەک:**

شایی و ڕەشبەڵەک، خەریکە دەبێتە پێناسەی نەتەوەی کورد...!

**جیابوونەوە و دابڕان:**

جیابوونەوە و دابڕان، ئازارێکی کوشندەیە و برینەکەی هەرگیز سارێژ نابێت.

**مردن:**

مردن، ژیانێکی دیکەیە و بەبێخەمی بۆی دەخەوی...

**ژیان:**

ژیان، واتا ڕازیبوون بەوەی کە هەتە، بەوەی کە هەی، بەوەی کە دەیکەی.

**ستەمکردن:**

ستەمکردن، نیشانەی ئازایەتی نییە. بەڵکوو خۆ دەرخستنە بۆ مانەوە و ترساندنی خەڵک! کە دواجاریش بە ناشیرینی کۆتایی پێدێت...

**پێکەنین:**

پێکەنین، دەتوانرێت وەک چارەسەر کەڵکی لێوەربگیرێت. بەڵام کە لە جێی خۆی نەبێت، لە هەیبەت و ڕێزی مرۆڤ کەم دەکاتەوە...

**ئاوێنە:**

ئاوێنە دیمەنی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان پێشان دەدات. کاتێک کە ڕوو خۆشی، سەیری ئاوێنە بکە و کاتێکیش کە تووڕەی، هەر سەیری بکە. دواجار جیاوازیەکانت بۆ دەردەکەوێت و ناچار دەبی کە گۆڕانکاری لە کەسایەتی خۆتدا درووست بکەی...

**درویش:**

درویش لەسەر مانای خۆی، شتێکی جوانە. واتا بێ نیاز و بێ تەماح و خواپەرست. بەڵام بە ماناکەی تر کە کوێر کوێرانە هەر دواکەویت و هەرچی پێی بوترێت، بڵێ: بەڵێ، شتێکی ناشیرینە...!

**مرۆڤ:**

مرۆڤ، خۆی دەبێ زەنگی ئاگادارکردنەوەی هەبێت. ئەو زەنگەش، بریتییە لە هاواری ویژدان. کاتێک هەڵەیەک دەکەین، پێش ئەوەی کە بیکەین، زەنگی ویژدان لێدەدات. ئەگەر زوو خەبەرمان بێتەوە، بێگومان هەڵە ناکەین. ئەگەر کردیشمان، زوو پەشیمان دەبینەوە و بەڵێن بە خۆمان دەدەین کە جارێکیتر دووبارەی ناکەینەوە.

**پرسیار:**
ئەگەر ئێستا بگەڕێیتەوە بۆ چل ساڵ لەمەوپێش، چ شتیک دەکەی کە نەتکردووە و لە دڵتدا گرێیە؟

زۆر شتمان لە دەستچووە، زۆر شتیشمان نەکردووە. ئەگەر کات بگەڕێتەوە، یەکەم شت کە بیکەم، ئەوەیە: هەوڵ دەدەم مرۆڤەکان وەکخۆیان بناسم. پێش ئەوانیش، خۆم بناسم. چونکە گەورەترین هەڵەی مرۆڤ لە ژیان دا، خۆنەناسینە...

**پرسیار:**
وەک ئاگادارم کاتی خۆی پێشمەرگە بویت. ئایا لەو تاقیکردنەوەیە، چی فێربووی؟ ئەی ئێستا ئەو ڕۆژانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

پێشـــمەرگایەتی بۆ من، ئەگەرچی بارودۆخی ژیانم لەوپەڕی ناخۆشـــی و دژواریدابوو، بەهۆی ئەوەی کە لەلایەن (اســـتخبارات)ی ئێراقیەوە تاڵان کرام وبەرنامەی ژیانم شـــێوێنرا، بەڵام هەســـتم بە ســـەربەرزی دەکرد و تا کات زیاترتێدەپەڕی، نەتەوەیی بوونم لەلا زیاتر پیرۆزتر دەبوو و ڕوحی نیشـــتمانپەروەریم بەهێزتر دەبوو. بەڵام زۆر بەداخەوە لێکدانەوەم بۆ پێشمەرگە، کە خۆزگە ئاوانەدەبووم، کە پێشتر ئامادەبوو گیانی خۆی لەپێناو بیروباوەڕەکەیدا بەخت بکات و هەزارانیش لەو پێناوەدا شەهید بوون، ئەو ئاواتەی کە ئەوان لە پێناویدا ڕۆیشتن، یان ئێستاش لە ژیاندا ماون، نەهاتەدی و دیسـان دەبێ بڵێم: بەداخەوە، زۆر زوو لەبیرکران...! لە ئێسـتادا ئەوەی کە من و هەزارانی وەک من دەیبینن، ئەوەیە: ئەوەی کە پشـــتگوێ خراوە پێشـــمەرگەیە و زۆرێکیش لەوانەی کە لە ڕیزی پێشـــەوەی ژیان و خۆشگوزەرانیدان، ئەو کەسانەن کە لەدەورانێکدا، ڕاوی خەڵک و پێشمەرگەیان دەکرد...!

**پرسیار:**
پەشیمان نیت لەو پێشمەرگایەتییە؟

من وەک خۆم هەرگیز پەشیمان نیم لە شتێک کە خۆم هەڵمبژاردووە. ئەوکات کە من پێشمەرگە بووم، پێشمەرگە پیرۆز بوو و ئێستاش لەلای من هەر پیرۆزە. بەڵام کە پشتگوێ خرا و لە بیر کرا، پێشمەرگە چ تاوانێکی هەیە؟! من ئێستاش ئەگەر دوژمنێک ڕووبەڕووی نیشتمان و نەتەوەکەم بێتەوە، وەک ڕابردوو ئامادەم لە دژی بوەستمەوە...

**پرسیار:**
ڕەوشی ئێستای کوردستان چۆن دەبینی؟ تروسکاییەک هەیە بۆ ڕزگار بوون؟

بە بڕوای من خۆرئاوا بوون، نیشانەی کۆتایی ژیان نییە. ئەگەرچی بەهۆی یەکتر قبووڵ نەکردن، کورد لە ڕابردوودا و لە ئێســـتاشـــدا، لە دۆخێکی خراپدایە، بەڵام من وەک خۆم، بێهیوانیم. چونکە جیلێکی نوێ، کە تازە پێگەیشـــتووە، بیر کردنەوەی جیـاوازی هەیە لەگەڵ ڕابردوو. من دڵنیـام، کە ئەوان بەو بیر و هزر و لێکـدانەوە جوانەیـان، دەتوانن نیشتمانێکی وێرانکراو، لە نوێوە بنیات بنێنەوە.

**پرسیار:**
ئێمە کۆمەڵێک ســـەرکردەمان هەیە ئێســـتا و هەمووشـیان دەڵێن: خەبات بۆ ســـەربەخۆیی دەکەین؟ پێتوایە بتوانن ئەو پاپۆڕە لەم گێژەنگەدا بگەیەننە کەناری ئارام؟

کورد تا دوژمن بە دۆسـت و پشـت و پەنا و خاوەن ماڵی خۆی بزانێت، نەک هەر سـەربەخۆیی، بەڵکوو نابێ چاوەڕێی هیچ بەرەوپێش چوونێک بکات...!

**پرسیار:**
کەس لە ژیانتدا فێڵی لێکردوی؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە چۆن؟

من بڕوام بەو پەندە کوردییە هەیە کە وتراوە: بەردی گەورە هەر لە نزیکەوە دەهاوێژرێت. دەبێ بڵێم: زۆر بەداخەوە، من هەمیشە لەلایەن نزیکەکانمەوە، کراوم بە ئامانج و پێکراوم...!

**پرسیار:**

ڤایرۆسی کۆرۆنا. زۆر هاوەڕێی باشی لەدەستداین، ئایا کەسێکی خۆشەویستت بە کۆرۆنا کۆچیکردووە؟

من هەموو ئەوانەی کە بەهۆی ئەو دوژمنە هێرش بەرە زیانیان پێگەیشـــت، یان بەداخەوە لە ناو چوون، بە نزیکترین کەس و خۆشەویستی خۆمم دەزانین. چونکە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە، هەموومان یەکین.

**پرسیار:**
لەگەڵ درۆ و کەسی درۆزن و درۆزاندا چۆن ڕەفتار ئەکەیت؟

درۆ کردن دایکی هەموو تاوانێکە. بە بڕوای من مرۆڤ ئەگەر درۆ نەکات، ناتوانێت هیچ خراپەیەک بکات. بۆیە تا بۆمان بکرێت، پێویستە خۆمان لە درۆزن و درۆزانەکان، بە دوور بگرین.

**پرسیار:**
نووستنێکی سەربان و جامێ ئاوی ساردی شەربە، یان کۆپەی جاران، چ دەگەیەنێ لای تۆ؟

ئێستاش کە یادی منداڵیمان دەکەینەوە، یەکێک لە خۆشییەکانمان خەوی سەربانی شەوانەی ئەو کاتانەیە. کە خەڵک بە گشـتی متمانەیان بە یەکتر هەبوو بەدڵنیاییەوە پێش خەوتن سـەیری ئاسـمانیان دەکرد کە بە ئەسـتێرە چاو گەشـەکان دەڕازێنرایەوە، هەر بەو یادە خۆشـــەوە، خەو دەیبردینەوە و بە ئاســـوودەیی و بە بێخەمی، بۆی دەخەوتین. ئەو کوپە ئاوەیش کە شــــەو تا بەیانی لە دەرەوە دادەنرا، خۆشـــترین بیرەوەرییە لە ژیانی هەمووماندا. چونکە ئەو کاتە، ژیان، ژیانێکی سرووشتی بوو و هیچ کەسێک، پشتی بە هیچ شتێکی دەستکرد و ناسرووشتی، نەدەبەست.

**پرسیار:**
ئەگەر کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ دەگەڕێیتەوە بە یەکجاری؟ ئەگەر وەڵامەکەت نەخێر بوو، بۆ؟

منداڵێکی ســـاوا، ئەگەر دایک لێشـــی توورە بێت و لەخۆشـــی دوور کاتەوە، بەبێ گوێدانە توورەبوونەکە و تەنانەت لێدانیشـــی لەلایەن دایکیەوە، بەگریانەوە هەرهەوڵ دەدات کە بگەڕێتەوە بۆ ناو باوەشـــی ئەو. (دایک) چونکە نە لە هیچ شـوێنێک و، نە لەباوەشـی هیچ کەسـێکدا، ئۆقرە ناگرێت... نیشـتمانیش، هاوشـێوەی دایکە و ڕووگەی ژیانە. هەرگیز نە دەتوانین لەبیری بکەین، نە بۆ هەمیشە دەتوانین ڕووی لێوەربگێڕین...
من ڕوو لە نیشتمان دەکەم و دەڵێم: ئەی نیشتمان! تا دوور نەکەوتم لێت نەمزانی، تۆ جوانترین شوێنی ژیانی...

**پرسیار:**
ئایا پڕۆژەی داهاتووت هەیە؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە چییە؟

منیش وەک هەر مرۆڤێکی ئاســایی، تا لە ژیاندا بم، پێمخۆشــە هەر بە هیواوە بژیم. نووســینیش بەشـێکە لە هیواکانم. پڕۆژەی ئێمەش کە زیاتر نووســـینە، پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ژیانەوە هەیە. تا زیاتر دەبن و گۆڕانکارییەکانیش بەردەوامییان هەبێت، نووسین و بیرکردنەوەکانی ئێمەش هەر زیاتر دەبێت.

**پرسیار:**
وەک ئاگادارم لەو کەسانەی کە پەرتووک دەبەخشن، ئایا پەرتووک بەخشین بەلای بەڕێزتەوە، چ دەگەیەنێ؟

به بڕوای من نەک تەنیا هەر پەڕتووک بەخشـــین، بەڵکوو تا لە ژیاندابن ئەگەر بتوانین تەنانەت بە چڵە گوڵێکیش دڵی تاکە کەسێک خۆش بکەین، ئێستا هەر زۆرمانکردووە. بەتایبەتی پەڕتووک بەخشین جیاوازە لەگەڵ هەموو شتێک دا. چونکە پەڕتووک پەیامی ژیانە و، پێویستە لەو ژیانەشدا هەموومان هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتر بین.

**پرسیار:**
کێن ئەو کەسانەی پەڕتووکی پێدەبەخشیت؟

کەسانێک هەن لە ڕووی ژیانەوە خوا پێداون و دەستیان بە هەموو شتێک ڕادەگات کە بەدەستی بێنن، جگە لە پەڕتووک و خوێندنەوەی پەڕتووک. چونکە بۆیان گرنگ نییە...! ئەوان پێیانوایە ژیان یانی پارە و ســــامانە و هیچیتر. ئەوەش یەکێکە لە بیرکردنەوە هەڵەکانی ژیان! چونکە ئەگەر بەو شـێوەیە بەردەوام بین، لە کۆتاییدا هەم خەڵک و هەمیش وڵات بەرەو دوا دەگەڕێتەوە و زیاتر دەبینە ژێر دەستەی نەیارە کانمان و لە داهاتوو شدا، ئەوان بەزەییان پێماندا نایەتەوە و وەک کۆیلە و بەردەست، سەیرمان دەکەن...!

وڵامەکەش ئەوەیە کە پشتیان لە زانست کردووە و تەنیا ڕوویان لە کۆکردنەوەی سامان کردووە! دەستەیەکیش هەیە کە توانای خوێندنەوە و بیرکردنەوەیان زۆرە، بەڵام توانای مادییان لاوازە و ناتوانن وەک پێویســـت بە ئاواتەکانیان بگەن. بۆیە هەر کەسێک کە توانای نووسینی هەیە، پێویستە چاوپۆشی بکات لەو بڕە داهاتە کە لەنووسینەکەیدا دەستی دەکەوێت. باشتر وایە هەوڵدات کە پەڕتووکەکانی بکات بە دیاری و پێشکەش بەو کەسانەیان بکات کە خوێنەری ڕاستەقینە و هیوای دوارۆژن. هەروەها کۆمەڵگەش هانبدرێت کە بگەڕێنەوە بۆ لای پەڕتووک و پەڕتووک خوێندنەوەیان لە لا شیرین بکرێت.

**پرسیار:**
بێجگە لە پێنج بەشـــەکەی (ئەزموون و ژیان) ، دوو بەرهەمی دیکەشـــت هەیە. ئایا ئەو بەرهەمانە چین و چەند جار چاپکراون؟ پێم وایە خوێنەران زۆریان بەلاوە پەسەندە. دەکرێ کورتە باسێکیان لەسەر بکەیت؟

سوپاس بۆ ئەو پرسیارەش. لەڕاستیدا جگە لە پێنج بەرگی (ئەزموون و ژیان) کە چوار بەرگم لە یەکەمەوە تا چوارەم، بەجیا چاپ کردن و وەک دیاری پێشـکەش بە خوێنەرانی خۆشـەویسـتی نیشـتمانەکەم کردن، دوا جاریش بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز، ئاسـانتر دەسـتیان بە هەموو بەرگەکان ڕابگات، دووبارە پێنج بەرگی (ئەزموون و ژیان) م لە توێی یەک بەرگدا چاپ کرد. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم: کە دوو پەڕتووکی دیکەشـــم لە فارســـییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی: (ڕێنوێن) کە سێ جار بە دوای یەکدا چاپ کرایەوە. دوا جار پەڕتووکی (داستان و ئەزموون) ، کە ئەویشم هەر لە فارسییەوە وەرمگێڕاوە و سوپاس بۆ خوای گەورە سەرجەم بەرهەمەکان، ئاواتی دڵی منیان بەدیهێنا و گەیشتن بەو شـوێنانە کە پێویست بوو. لێرەدا پێمخۆشـە سـوپاسـی خوشـک و برایانم لە (پڕۆژەی بەخشـەرانی پەڕتووک) بکەم کە هاوکارم بوون بۆ دابەشکردنی بەرهەمەکانم بەسەر ئەو کەسانەدا، کە ڕێز لە پەڕتووک دەگرن و کاتی زێڕینی خۆشیان بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەن. هەروەها ڕێزو خۆشـەویسـتی زۆریشـم هەیە بۆ براو مامۆسـتای بەڕێز، شـاعیر و نووسەر، کاک (فەخرەدین گەرمیانی) ، کە بەسەری کردمەوە و ئەو دیدارەی لەگەڵمدا، پێکهێنا.

**پرسیار:**
لای منەوە پرسیارەکانم تەواو بوون، ئایا پەیامی کۆتاییت چییە بۆ خوێنەرانی بەرهەمەکانت؟

پەیامی بەندە بۆ خوێنەرانی بەرهەم و وتەکانم، ئەوەیە و پێیان دەڵێم: خۆشەویستانی (پشدەری) ! هەرگیز لە خوێندنەوە بێزار مەبن. ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستی ئێوەدایە، ئەزموونی چەندین ساڵەیە و بەئاسانی بە دەست نەهاتووە. ئەزموون، هەڵقوڵاویی نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ژیانە. هەر یەکێک لەو وتانە کە ئێوە بە کورتی و بچووکی دەیبینن و دەیخوێننەوە، چیرۆکێکی دوورودرێژی لە پشتەوە هەیە. کەوابوو، ئەو ئەزموونەی کە منی بە کردار ئازارداوە و زۆر جاریش باجم لەسەریداوە، ئێوە بە لەخۆگرتنی کەمێک کات، بە ئاسانی بە دەستی بێنن و کەڵک لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ڕابردووی ئێمە وەربگرن. بۆ نموونە: لە ترافیک لایتێک کە ئێمە بە هەڵە لێمانداوە و باجەکەیمان بە قوورسی داوە، با بۆ ئێوەی خۆشەویست دووبارە نەبێتەوە.